مەهاباد قەرەداغی

# باوەجوو هەر هەژدە کچ بوون،
# هەژدە ساڵ بەر لە ئێستا فرۆشران؟!

لە هەمبەر کاتاسترۆفی ئەنفال دا هەموو پرسیارەکان لە تیژەوەتیر دەچن و دەشێ ڕامانی ئێمە بۆ هەر یەکەیان سەدان وەڵامی ڕازئامێز بئافرێنێ و لە ئاکامیشدا هیچیان بەرسڤی خۆی نەبن. چونکە کۆدەکانی ئەنفال لە کەشێکی سامناک، لە ژێرزەمینە بەگۆڕبووەکان شێردرانەوە و، هەندێکیشیان بە نێو وڵاتانی دراوسێ پەرشکرانەوە.

دیکومێنتێکمان بە دەستەوەیە، چەند دێڕێک و هەژدە ناوی گرتۆتە خۆی. دێڕەکان ئاماژە بە کۆیلەفرۆشی دەکەن و، کڕیار و فرۆشیاری کۆیلەکان ئەوانەن کە شانازی بە کلتوور و شارستانی هەرەدێرینی خۆیانەوە دەکەن. مرۆڤ چاوی خۆی بنوقێنێ و وێنای سەردەمی کۆیلەیەتی بکاتە، پێی وا دەبێت حەموڕابی و ئیخناتوون دەستیان لە نێودەستی یەکدی ناوەوە و گرێبەستی کڕین و فرۆشتنی کاڵا گیاندارەکان مۆر دەکەن.

ئاخۆ چەند گرێبەستی دیکە هەن و نە دۆزیماننەوە و نەش تازە هەرگیز دەیاندۆزینەوە. بەڵام ئەم هەژدە دوێتە گەرمیانییە، هەژدە ساڵە لە شوێنێکی ئەم دنیایەدا چاوەڕێن، چاوەڕێی گەڕانەوە بۆ زێدەکەیان. بۆ کوردستان. نازانم کێ یەکەمجار ناوی لەوان نا پاکیزە، ئاخۆ ئەو هەژدە مەریەمەی ئێمە، ئەم هەژدە ساڵە، هەژدە عیسایان بووە؟ ئاخۆ لە ڕۆحی ئەواندا چەند مەسیح لە خاچ دراوە؟

دۆزینەوەی ئەوان بۆ ئێمە تەنها دۆزینەوەی هەژدە ڕۆحی پەژموورده نییە، گەڕانەوەی ئەوان کرانەوەی گرێی ملیۆنان دەروونە. ئەوان ئیدی تەنها کچ نین، تا بێنەوە و بەشوو بدرێنەوە، مەردێ قۆڵی هەڵکات و بڵێت قەینا من لە ڕێی خوا دەیانخوازم تا ئابروویان نەچێت، وەک چەند ساڵێ لەمەوبەر لە هەولێکماندا بۆ دۆزینەوەیان چەند پیاوێ سنگیان دەرپەڕاند و ئیمەیلیان بۆ ناردین و گوتیان ئەگەر ئێوە ئەوانتان دۆزیەوە ئێمە ئامادەین خۆبەخش بیانخوازین و بیانکەین بە هاوسەرمان. بیرمە ئەم وشانە زۆر ئازاریان دام، ئاخۆ چەند کەسی تر بەم شێوەیە لەم سیمبۆلانە دەڕوانێ؛ ئاخۆ چەند کەسی دیکە ئەم هەژدەکچە وەک هەژدەکۆتر نابینێ کە جەستەیان لە قەفەسەکاندایە و گیانیشیان بە دەوری مێنومێنتەکانی ئەنفالدا دەسوڕێتەوە. گیانی ئەم کۆترانە ئێستا لەگەڵ خۆپیشاندانەکاندا لەگەڵ ڕێکخراوی "چاک" و، کوردەدڵسۆزەکانی هەندەران بەردەرگا بە سەفیرەکان دەگرێت. ئەوەتا ڕۆحی یەکێک لەوان لە ستۆکهۆڵم فیرعەونێکی مۆمیانەکراو ناچار دەکات پێمان بێژێت: ئاها ، باش فێری بەرگریکردن بوون لە خۆتان! ئاخۆ ئەم ڕستەیە بە تەوسەوە گووتراوە، یان لە ترسا، ترسی زڕانی ناوبانگی هەرەمەکان، کە لەوەتی هەن هێمان بۆ دەسەڵاتی قوچەکی سێبەرەکانی خوودا، فیرعەونەکان.

ئەمڕۆ چوارەدەی چوارە و هەژدەکچمان هەژدە مۆمی کۆیلەیەتییان کوژاندەوە و لە چاوەڕوانی ژووانێکین لەگەڵ ڕووناکی دەرەوەی قەفەس.
ئەمڕۆ چواردەی چوارە و ، ڕۆحی ئەوان هەژدەکۆتری سپییە و لەبەردەرگای پەرلەمانی کوردستان، لەبەردەم نوێنەرانی خەڵک و خوا لارەمل دەنیشنەوە و گوێ لە وتارەکان دەگرن. نادوێن بەڵام، چاوەڕێن، چاوەڕێی نامەیەکی فەرمی مۆرکراو لە لایەن نوێنەرانی خەڵکەکەی خۆیان کە پێش هەژدەساڵ لەناویاندا بوون. نامەیەک بۆ دۆزینەوەی ئەوان یان بۆ مێژوو؟!

**نامەیەک، هاوپێچ لەگەڵ نامەکانی چاک، نامەی نووسەران، نامەی ڕۆژنامەوانان، نامەی بینەران و یسەران، ئەدرەسی وڵاتێکی لەسەر بێت یەکەمین ڕۆژنامەی ئێمەی تیا لە چاپ درا. وڵاتی هونەر و ئەدەب و داستان، بنووسین: ئەریێ کوان ئەو هەژدە کەنیشکەباڵندەیەی ئێمە، بماندەنەوە بە زیندوویی بێت ین بە مۆمیاکراوی! دەمانەوێن، بە پاکیزەیی بێت یان بەژنکراوی! دەمانەوێن، ئێستا بێت یان دوایی! هەر دەمانەوێن!**

2006-4-14

**هەولێر**